گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پێگەی ستراتیژی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی ئاسایشی ئاوی عێراق

**م.ی. عادل عگید کاکل**
بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
adil.kakil@su.edu.krd

**پ.ی.د چواس حسن رسول**
پەرلەمانی کوردستان – هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Chwas2002@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١٠
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٢٣
بڵاو کردنەوە:پایز٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
هەرێمی کوردستان، ئاسایشی ئاو، عێراق، سەرچاوەکانی ئاو، بەنداو، بەڕێوەبردنی ئاو، سیاسەتی ئاو

Doi: 10.25212/lfu.qzj.11.4.13

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە سەرنجدان بە پەرەسەندنی ئالنگارییە ژینگەیی و سیاسییەکانی پەیوەست بە ئاو، گرنگی ستراتیژیی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئاسایشی ئاوی عێراق دەکۆڵێتەوە. پێداچوونەوە بە سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، ئالنگارییەکان دەستنیشان دەکات، وەک خراپی هەماهەنگی نێوان بەغدا و هەولێر، کە توانای پشتیوانیکردنیان لە سیستەمی ئاوی عێراق سنووردار دەکەن، هەروەها چارەسەری پێشنیار دەکات. لەسەر بنەمای پێداچوونەوەی ئەدەبیات و شیکاری سەرچاوە ئاوییەکانی بەردەست لە هەرێمی کوردستانی عێراق، توێژینەوەکە هەڵسەنگاندن بۆ توانای هایدرۆلۆجی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات و میکانیزمی هاوکاری بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان پێشنیار دەکات. بەو ئەنجامە دەگات کە بەرزکردنەوەی بەشداریی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئاسایشی ئاوی عێراقدا پێویستی بە هەماهەنگی دامەزراوەیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکگرتوو و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و سیاسەتی ئاوی دادپەروەرانە و بەردەوام هەیە.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەرئەو ڕۆڵە سەرەکییەی کە هەرێم دەتوانێت بیگێڕێت لە پشتگیریکردنی ئاسایشی ئاوی نیشتمانی لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی عەقڵانی سەرچاوەکان، جێبەجێکردنی پراکتیزە بەردەوامەکان، و هاوکاری لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە پەرەپێدانی سیاسەتی گشتگیرانەی ئاو، دەتوانیت ڕۆڵی چارەنوس ساز بگرێت، لە چوارچێوەی ئاسایشی عێراقدا، هەروەها باس لە ئالنگاری سیاسی، تەکنیکی و ژینگەیی دەکات کە ڕەنگە ڕێگری لەم ڕۆڵە بکەن و ڕێگاکان پێشنیار دەکات بۆ بەرزکردنەوەی هەماهەنگی لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دڵنیابوون لە بەکارهێنانی ئاو بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەردەوام. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات پێگەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە هاوکێشەی ئاوی وڵاتدا شیبکاتەوە و تواناکانی هەڵسەنگێنێت و میکانیزمەکانی هاوکاریی ئەگەری بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئاوی عێراق لەژێر ڕۆشنایی پەرەسەندنی قەیرانەکانی ئاوی وڵاتدا بکۆڵێتەوە.

## گرینگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە گرنگیدان بە ڕەهەندی ستراتیژی جوگرافیای هەرێمی کوردستان کە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەکانی ئاو و زۆرجار لە توێژینەوەکانی ئاسایشی ئاو لە عێراقدا چاوپۆشی لێدەکرێت. لەگەڵ زیادبوونی فشارەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و پەرەسەندنی گرژییە ناوچەییەکان لەسەر ئاو، پێویستی تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ڕۆڵی هەرێم لە گەیشتن بە ئاسایشی ئاوی نیشتمانی لەبەرچاوبگیرێت. توێژینەوەکەمان بەشدارییەکی زانستی دەکات بە بەستنەوەی شوێنی جوگرافیای ناوچەکە بە چەمکەکانی بەڕێوەبردنی ئاوی بەردەوام، بە ئامانجی پشتگیریکردنی بڕیاردەران بە دیدگا و ستراتیژییەکان لەسەر بنەمای شیکاری واقیعی. هەروەها توێژینەوەکە بەشدارە لە پڕکردنەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆشاییەک لە ئەدەبیاتی پەیوەندیدار بە سیاسەت و ئاسایشی ئاودا بە تیشک خستنە سەر کارلێکی نێوان هۆکارە ژینگەیی و جوگرافی و سیاسییەکان لە داڕشتنی سیاسەتی ئاو لە عێراقدا.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی شیکردنەوەی گرنگی جوگرافیای ستراتیژی هەرێمی کوردستانە بۆ ئاسایشی ئاوی عێراق، بەدواداچوون بۆ ئاستەنگە ژینگەیی و سیاسییەکان بۆ وەبەرهێنانی سەرچاوەکانی ئاو (لەوانەش گۆڕانی کەشوهەوا و ململانێی سەرچاوەکانی ئاو)، هەڵسەنگاندنی پەیوەندی ئاوی نێوان هەرێم و عێراق، پێشنیارکردنی بەرزکردنەوەی یەکگرتووی حوکمڕانی ئاو بۆ پەرەپێدانی هاوکاری، و تیشک خستنە سەر ڕۆڵی هەرێم لە گەیشتن بە سەقامگیری ئاو و ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراق لە ڕێگەی ئاوی کاریگەرەوە سیاسەتەکان.

## پرسیاری توێژینەوە:

پێگەی جوگرافی و ستراتیژی هەرێمی کوردستانی عێراق و سەرچاوە ئاوییەکانی تا چەند بەشداردەبێت لە گەیشتن بە ئاسایشی ئاو لە عێراقدا ؟

## گریمانەی توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان وا گریمانە دەکات کە هەڵکەوتەی جوگرافیای و پێگەی ستراتیژی هەرێمی کوردستانی عێراق، بە سەرچاوە ئاوییەکانی و سنوورە ستراتیژییەکانیەوە، توخمێکی گرنگ لە گەیشتن بە ئاسایشی ئاوی عێراق پێکدەهێنێت. ئەویش ئەوکاتە کارا دەبێت بەبەهێزکردنی ڕۆڵەکەی پێویستی بە بەڕێوەبردنی هەماهەنگ و بەردەوام هەبێت لە نێوان هەولێر و بەغدا، بەتایبەت کە گۆڕانی کەشوهەوا و ململانێ ناوچەییەکان و دیاریکەرەکانی حوکمڕانی هاوبەشی ئاو لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لەبەرچاو بگرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ڕێبازی توێژینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای ڕێبازی وەسفی و شیکاریی ئەنجامدراوە.

## پەیکەری توێژینەوە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە، ناوەڕۆکەکەی لە دوو بەش پێکهاتووە؛ لە بەشی یەکەم، باس لە چوارچێوەی تیۆری ئاسایشی ئاو و سەرچاوە ئاویەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین، لە بەشی دووەم باس لە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی ئاسایشی عێراق دەکەین، هەروەها لە کۆتایی تویژینەوەکەمان پێشنیار و دەرئەنجامەکان دەخەینەڕوو.

## 1: چوارچێوەی تیۆری( چەمکی ئاسایشی ئاو، سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق)

چەمکی ئاسایشی ئاو لەم ساڵانەی دواییدا لە بواری سیاسی و یاسایی و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر بەرچاو کەوتووە، پرسێکی گرنگە کە لە داهاتوودا گرنگییەکەی زیاتر گەشە دەکات، گەشەپێدانی بەردەوام پەیوەستە بەم سەرچاوە گرنگەوە، ئەمەش وایکردووە کە ئاسایشی ئاو لە پێشینەی کارەکانی دەسەڵات ناوەندەکانی بڕیاردانی وولاتاندابێت، لە چوارچێوەی ئەم بەشەماندا باس لە هەریکە لە بابەتەکانی چەمکی ئاسایشی ئاو، پێناسەی ئاسایشی ئاو، پەیوەندی چەمکی ئاسایشی بە ئاسایشی نیشتمانیەوە و کۆتا باسی ئەم بەشە باس لە سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەین.

### 1-1: چەمکی ئاسایشی ئاو

لەئێستادا سەردەمی ململانێ لەسەر نەوت و سەرچاوە ژێر زەمینییەکانی دیکە تاڕادەیێکی باش تێپەڕیوە، بەپێ لێکۆڵینەوەکان و پێشبینی دەکرێت کەوا ململانێی داهاتووی لە جیهاندا لەسەر دابینکردنی ئاسایشی ئاو و گەیشتن بە ئاسایش بە فرە ماناکانیەوە دروست دەبێت، کە ئەویش وادەکات وڵاتان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاکەکەی، پاراستنی هاوڵاتیانیان و دەستەبەرکردنی سەربەخۆی ئابوری و سەقامگیرییان، هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆیان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بخەنە گەر بۆ دەستەبەر کردنی بڕی ئاوی پێویست بۆ خۆیان و گەیشتن بەو ئامانجانەی کە گوزارشت لە ڕەزامەندی گشتی لە کۆمەڵگادا دەکەن، کەمی ئاو لە هەر وڵاتێک کاریگەری نەرێنی ناوخۆیی و دەرەکی لەسەرە.(غریب، 2020، ص181)

چەمکی ئاسایشی ئاو چەمکێکی ڕێژەییە و ڕەها نیە، و ئاستی ئاسایشی ئاو جیاوازی هەیە لە نێوان وڵاتان، تەنانەت لەناو یەک وڵاتیشدا بەپێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی جیاوازی هەیە،(خدام، 2001، ص21)، چەمکی ئاسایشی ئاو وەک چەمکێک لەسەر بنەمایەکی بنەڕەتی دامەزراوە، کە بریتییە لە تێربون و گەرەنتیکردن لە سەرانسەری وڵات بەپێی کات و شوێندا، واتا بە مانای دابینکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی ئاو لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی و لە هەمانکاتدا مسۆگەرکردنی بەردەوامی ئەم تێربوونە زۆربەی جار کاریگەریی لەسەر دەبێت لەلایەن وڵاتانی دیکەوە، ئەمە جگە لە پەرەپێدانی سەرچاوە ئاوییەکانی ئێستا، پاشان گەڕان بەدوای سەرچاوەی نوێدا، جا نەرێیەتی یان نانەرێیەتی بێت(تقلیدی و نا تقلیدی) ئەم چەمکە بە خراپترین شێوە لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی ئاو لە جیهاندا دەکەن دەقۆزرێتەوە، چونکە هەوڵدەدەن بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن بە بیانووی ئەوەی هەر بەکارهێنانێکی نوێ ڕەنگە زیان بە ئاسایشی ئاوەکەیان بگەیەنێت.(دعیبس، 2005)

## 2-1: پێناسەی ئاسایشی ئاو

دابەشبوونی ئاو لە سەرانسەری زەویدا لە ڕووی فۆرم و چەندایەتییەوە نایەکسانە، بەپێی کیشوەرەکان و جوگرافیا و کەشوهەوا دەگۆڕێت، پێناسەکردنی ئاسایشی ئاو بۆ زانستە سیاسییەکان و یاسا چالاکە، لە کاتێکدا زۆرێک لە توێژەران و زانایان باسیان لە گرنگی ئاو کردووە، بەڵام زۆربەی جار لە چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی یان ژینگەیی دادەنرێت، نەک بە ڕوونی پێناسە بکرێت، ئەمانەی خوارەوە نموونەی ئەو جۆرە پێناسەیانەن.

- ئەنجومەنی جیهانی بۆ ئاو، بەم شێوەیە پێناسەی ئاسایشی ئاوی کردووە: مسۆگەرکردنی دابینکردنی پێداویستیەکانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا لە ئاوی پاک بە تێچونێک کە لە توانایاندا بێت بۆ ئەوەی تەندروست بژین و بەرهەمهێنەر بن بۆ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئـەوەی کاریگـەری هەبێـت لەسـەر بەردەوامبوونـی ژینگـەی سروشـتی.(نەقشبەندی، ٢٠١٨، ل٦٨)

- پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٣دا بۆ ئاسایشی ئاو بەم شێوەیە؛ بریتییە لە تواناى دانیشتووان بۆ پاراستن دەستڕاگەیشتن بە بڕێکی پێویست لە ئاو لەسەر بنەمای بەردەوام، بە کوالیتی قبوڵکراو بۆ پاراستنی بژێوی ژیان، گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری، و خۆشگوزەرانی مرۆڤ، بۆ دڵنیابوون لە پاراستن لە پیسبوونی ئاو و کارەساتەکانی پەیوەندیدار، و بۆ پاراستنی ئیکۆسیستەمەکان لە جیهاندا. (تقریر الامم المتحدة،2013)
- هەروەها ئاسایشی ئاو لە جاڕنامەی وەزاری لاهای تایبەت بە ئاو لە ساڵی ٢٠٠٠دا پێناسە کرا وەک دڵنیابوون لە باشترکردن و پاراستنی ئیکۆسیستەمی ئاوی شیرین و کەنار دەریاکان، و ئیکۆسیستەمی پەیوەندیدار، و پێشخستنی سەقامگیری سیاسی و گەشەسەندنی بەردەوام، کە هەمووان دەستیان بە ئاوی سەلامەتی پێویست بگات بە تێچووی گونجاو بۆ ئەوەی ژیانێکی بەرهەمدار بژین پێویستە تەندروست و لاوازەکان لە مەترسییەکانی ئاو بپارێزرێن.(El-din, 2020, p24)
- پێناسەی هاوبەشی جیهانی ساڵی٢٠٠٠لەلایەن ڕێخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ڕاپۆرتی ئەڵسکوا کە دەڵێت؛ ئاسایشی ئاو لە نێوان ماڵەکاندا جیاوازە، هەموو کەسێک دەتوانێت ئاوی سەلامەتی پێویست بەدەستبهێنێت بە تێچووی گونجاو بۆ ئەوەی ژیانێکی تەندروست و پاک و بەرهەمدار بژی و لە هەمان کاتدا دڵنیابێت لە پاراستن و بەرزکردنەوەی ژینگەی سروشتی.(منظمة الأمم المتحدة، تقرير الإسكوا، ٢٠١٩)
- ئاسایشی ئاو، وەک لەلایەن (David Greya and Claudia W. Sadoff) لە ساڵی 2007 پێناسە کراوە، بریتییە لە بەردەستبوونی بڕ و کوالیتی ئاوێک کە قبوڵکراوە بۆ بژێوی ژیان و تەندروستی و بەرهەمهێنان، لەگەڵ ئاستێک لە مەترسییەکانی پەیوەست بە ئاو کە کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ و ئابوورییەکان هەیە. (Greya,2007, p569)
- پێناسەیەکی دیکە هەیە بۆ ئاسایشی ئاو کە لەلایەن ڕێکخراوی هاوبەشی جیهانی (GWP)ەوە ئەنجام دراوە بەم شێوەیە؛ جیهانێک کە چێژ لە ئاسایشی ئاو وەردەگرێت، جیهانێکە کە نیگەرانی بۆ بەهای ناوەکی ئاو و تەواوی بەکارهێنانەکانی کە پێویستن بۆ مرۆڤ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێکەڵ دەکات مانەوە و خۆشگوزەرانی جیهانێکی لەو جۆرە هێزی ئاویش بەکاردەهێنێت بەرهەمهێنان زیاد دەکات و هێزی وێرانکەری کەمدەکاتەوە، و بەم شێوەیە هەموو کەسێک بەختەوەر دەبێت بە ئاوی سەلامەت و گونجاو بۆ ئەوەی ژیانێکی پاک و تەندروست و بەرهەمدار بژی جیهانێک کە کۆمەڵگاکان لە لافاو، وشکەساڵی، زەوی لەرزین، وەرینی خاک و ئەو نەخۆشیانەی کە دەیگوازنەوە پارێزراون.(ابراهیم،٢٠٢٤، ص٧٠)

بە پێداچوونەوەمان بەم پێناسانە دەتوانین ئاسایشی ئاو بەو شێوەیە پێناسە بکەین؛ بریتیە لە دابینکردنی بڕی پێویستی ئاو بەکوالیتێکی باش لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ گشت هاوڵاتیان کە بتوانن بەکاربهێنن بۆ مەبەستە جۆراو جۆرەکانیان، لە هەمان کاتدا چارەسەرکردنی مەترسییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی ئاو بکرێت، چونکە گەشەپێدانی بەردەوام پشت دەبەستێت بە گەیشتن بە ئاسایشی ئاوەوە.

## 3-1: پەیوەندی نێوان ئاسایشی ئاو ئاسایشی نەتەوەیی

ئاسایشی ئاو چەمکێکی سەربەخۆ نیە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئاڵۆز پەیوەستە بە بیرۆکەی فراوانتری "ئاسایشی نەتەوەیی"یەوە، ئاو توخمێکی چارەنووسسازە لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا و بەم پێیەش کەمی ئاو، جا بەهۆی هۆکاری ناوخۆیی یان دەرەکییەوە بێت، کاریگەری لەسەر ئاسایشی خۆراک هەیە و بەشدارە لە تەحەددای ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، لە کۆتاییدا کاریگەری لەسەر سەقامگیری سیاسی گشتی دەوڵەت دەبێت، بۆیە دڵنیابوون لە ئاسایشی ئاو تەنها پرسێک نیە بۆ پاراستنی دەستڕاگەیشتن بە ئاوی پاک، بەڵکو پرسێکی ستراتیژییە بۆ حکومەتەکان لە سەرانسەری جیهان، بە چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە کەمی ئاو و بەڕێوەبردن، وڵاتان دەتوانن مەترسییەکانی ململانێکان لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان کەم بکەنەوە، خۆڕاگری خۆیان بەرامبەر گۆڕانی کەشوهەوا بەرز بکەنەوە و ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بەرەوپێش ببەن. پێویستە ئاسایشی ئاو لە هەموو ئاستەکانی حوکمڕانیدا لە پێشینەی پلانەکاندا بێت بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی ئاسایش و سەقامگیرتر بۆ هەمووان.(مسلم،٢٠١٧،) هەروەها بەگوێرەی ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆیی ساڵی ٢٠٠٦، ئاسایشی ئاو بە واتای: "دڵنیابوون لەوەی کە هەموو کەسێک سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی هەیە بۆ ئاوی سەلامەتی پێویست بە نرخێکی گونجاو، بۆ ئەوەی بتوانێت ژیانێک بژی کە تێیدا چێژ لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەندروستی و کەرامەت و توانای بەرهەمهێنان وەربگرێت، لە هەمان کاتدا دابینکردنی ئاسایشی ئاو پێویستی بە جێ بەجێکردنی کۆمەڵی مەرج هەیە، کاتێک ئەم مەرجانە جێبەجێ نەکرێن ئەوا دەستڕاگەیشتن بە ئاسایشی ئاو زۆر زەحمەت دەبێت، ژیانی خەڵک ڕووبەڕووی مەترسییەکی مەزن دەبێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی بڵابونەوەی نەخۆشی و تێکچونی تەندروستی گشتی کۆمەڵگا و تێکچوونی بژێوی ژیانی مرۆڤەکان، ئەمەش لە هەمان کاتدا پاراستنی ئیکۆسیستەمەکانە" کە ئاو دابین دەکات و پشت بە ئاو دەبەستێت لە هەندێک کاتدا.(تقرير التنمية الانسانية PNUD،2006)

چەمکی ئاسایشی ئاو یەکێکە لەو چەمکانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا خەریکە وردە وردە گەشە دەکات و گرنگییەکی تایبەتی پێ دراوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی چەمکی ئاسایشی گشتی گەشەی کردووە و ڕەهەندە سەربازییەکانی زیاتری لەخۆ گرتووە. ئاسایشی ئاو بەهۆی کێشەکانی نێوان وڵاتان و ململانێکان لەسەر سەرچاوەکانی ئاو، بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتان زیاتر گرنگی بە ئاسایشی ئاو بدەن. ئەمەش وایکردووە پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان ئاسایشی وڵاتان و ئاسایشی ئاو دروست بێت. لەوانەیە ململانێی چەکداری لەسەر سەرچاوەکانی ئاو سەرهەڵبدات، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان دەبێت. بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو تاکەکان لە سەرانسەری جیهان بتوانن چێژ لە ئاسایشی ئاو وەربگرن، پێویستە گرنگی زیاتر بە بەهای ناوەکی ئاو و بەکارهێنانی گونجاوی بدرێت، بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ. ئەمەش وای دەکات کە وڵاتان پەیڕەوی سیاسەتە کارامەکان بکەن بۆ بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی کاریگەری سەرچاوەکانی ئاو، بۆ پاراستنی ئاسایشی تاکەکان و دڵنیابوون لە سەرچاوەیەکی بەردەوامی ئاو بۆ نەوەکانی داهاتوو.(محمد، 2022)

کەواتە چەمکی ئاسایشی ئاو زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی ئاوی سەلامەت و متمانەپێکراو بۆ هەموو خەڵک کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دابین دەکرێت، ئاسایشی ئاو پرسەکانی وەک بەردەستبوون، کواڵیتی و بەردەوامیی سەرچاوەکانی ئاو لەخۆدەگرێت، هەروەها بەڕێوەبردن و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو بە شێوەیەکی زانستی کاریگەر لەخۆی دەگرێت، هەروەها دابین کردنی ئاسایشی ئاو دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پاراستنی ژینگە و دابینکردنی خۆراکی پێویست بۆ خەڵک...هتد، لەهەمان کاتدا دابینکردنی ئاسایشی ئاو دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا پشتگیری کۆمەڵگاکان بەدەستبهێنێت، خۆشگوزەرانی گشتی بەرەوپێش ببات، زۆر گرنگە ئاسایشی ئاو لە لەچوارچێوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سیاسەتی گشتی دەوڵەتدا لە پێشینەدا بنرێت بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئاستەنگە گەشەسەندووەکانی کەمی ئاو، پیسبوون و گۆڕانی کەشوهەوا.

## 4-1: سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان-عێراق

سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان بۆ ئیکۆسیستەم و ئابووری دەوڵەتی عێراق زۆر گرنگە، چونکە سەرچاوە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستانی-عێراق هەمەچەشن لەوانە باران و وبەفر و ئاوی ڕووبار و دەریاچەی دەستکرد و ئاوی ژێر زەوی، بەشێوەیەکی گشتی لەم باسەدا باس لە سەرچاوە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق دەکەین بەم شێوەی خوارەوە:-

### 1-4-1: داباربن (باران، بەفر)

هەرێمی کوردستان ئەو ناوچەیە لە دەوڵەتی عێراقی کە سوودمەندە لەو ڕێژە زۆرەی، باران و بەفر کە ساڵانە دەبارێت لە هەرێمەکە هەموویان بەشداری کارا دەکەن لە دابینکردنی ئاسایشی ئاوی عێراق، بۆیە لەم باسەدا بەم شێوەی خوارەوە رونیان دەکەینەوە؛-

#### یەکەم: بارانبارین

بارانبارین وەک گرنگترین و سەرەکیترین سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی بۆ ناوچەکە دیارە. ئەم بارانبارینە گرنگە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پڕکردنەوە و بارگاویکردنەوەی کۆگا سەرەکییەکانی ژێر زەوی، کە وەک دامەزراوەی هەڵگرتنی سروشتی کاردەکەن. جگە لەوەش، خۆراک دەدات بە کەناڵە سەرزەویەکان وەک ڕووبار و چەمەکان، و بەشدارە لە ئاستی ئاو لە سەرچاوە ئاوییە گرنگەکانی تر لە سەرتاسەری ناوچەکەدا، هەروەها زۆرێك لە زەویەکشتوکاڵیەکان لە کوردستان پشت بە باران بارین دەبەستێت، ڕێژەی بارانبارین لە ناوچەکەدا ساڵانە لە نێوان (300 بۆ 1100 ملم)،(نەقشبەندی، 1999، لا122)کە ڕێژەی زیاتری دەبارێت لە ناوچەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە سەبارەت، بۆیە کشتوکاڵ لەم ناوچەیەدا دەتوانێت بە تەواوی پشت بە باران ببەستێت، ڕووبەری ئەم ناوچەیە (30,248)ە، بە ڕێژەی 36.4%ی کۆی ڕووبەری هەرێمەکە، لەبەرئەوەی سروشتی بارانبارین لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی دەریای ناوەڕاست و لەژێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆنترۆڵی ئەو گەردەلوولانەدایە کە لەم حەوزەدا سەرهەڵدەدەن، وەرزی بارانبارین لە تشرینی یەکەم دەست پێدەکات تا کۆتایی مانگی ئایار، کۆی گشتی باران بارین مەزەندە دەکرێت ساڵانە(8.4 مليار ملم) باران دەبارێت، و ئەم بڕە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێت.(محمد، 2022، ص45). باران بارین یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان چونکە سەرچاوەی ئاوی ئەم بارانە لەدەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستانەوە دێت کە بەشێوەیەکی گشتی لە هەریەکە لە دەریای ناوەڕاست و دەریای سور دێن و ڕوودەکەنە خاکی هەرێمی کوردستانەوە، دەبێتە هۆی بوژنەوەی ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێر زەوی لە ناوچەکە، دابەشبوونی جوگرافیای بارانبارین لە هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەوە جیاوازە، ڕێژەی ساڵانەی ئاوی نوێبووەوە لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە(٢٤ملیار)م$^{٣}$ خەملێراوە.(كاكە شێخ، 2022، ص 463)

**دووەم: بەفر بارین**

هەرێمی کوردستان لە عێراق تاکە ناوچەیە کەوا چیای هەیە و لە وەرزی زستان بەفرێکی زۆری لێ دەبارێت، کە دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئاوی ڕووبار و کانیاوەکان، کاریگەریەکی ڕوونی لەسەر ئاستی ئاو لە ڕووبار، کانیاو، چەمەکانەوە هەیە، بەتایبەتی لە وەرزی بەفربارین لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان،(السيد، 2022، ص21) ئاستی دابارینی بەفر لە بەشەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵات زیاتر دەبێت لە چەندایەتی و ئەستووریدا تا زیاتر بەرەو باکوور بچین ئەگەری ئەوە هەیە بەفر لەسەر شاخ کەڵەکەبوو بمێنێتەوە لوتکە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگ،(حسن، 2021، ص126) و لە بەرزی 1200م، بەفر لە کۆتایی مانگی شوبات دەست بە بارین دەکات و توانەوەی لە سەرەتای مانگی ئایار تا  کۆتایی مانگی نیسان دەستپێدەکات تا وەرزی هاوین بەردەوام دەبێت، و لە ناوچە بەرز و ئاڵۆزەکاندا دەگاتە وەرزی زستان، بوونی ئەم بڕە دابارینەی بەفر گونجاوە، هەروەها ئەم بڕە بەفرە لە ناوچە شاخاوییەکان یارمەتیدەرێکی باشە بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراک لە ناوچەکەدا چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە زیادبوونی ئاستی ئاوی ژێر زەویەوە هەیە و بوژانەوەی کانیاو و ڕووبارەکان ناوچە وشک و نیمچە وشکەکان لە بەشی باشوور و باشووری ڕۆژئاوا سوودێکی زۆر وەردەگرن، بەتایبەتی لە وەرزی بارانبارینیدا لە ڕێگەی دروستکردنی بەنداوی بچووک و گەورە و پڕۆژەی ئاودێری هەرێمی کوردستان ڕووبەرێکی گونجاوی هەیە بۆ بارانبارین، بەڵام ئەو کواڵیتی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڕیەی کە لە ئێستادا لە گۆڕاندایە لە ژێر کۆنترۆڵی گۆڕانی کەشوهەوادایە(فتح الله، 2022، 462)، ڕێژەی بارینی بەفریش لە ناوچەکان جیاوازە لەوانە زۆرترین ڕێژەی بارینی بەفر لە حاجی ئۆمەرانە کە لە نێوان ٥٠بۆ ١٠٠ سم بەفر دەبارێت هەروەها ناوچەکانی دیکەش بەرێژەی جیاواز بەفریان لێ دەبارێت لەوانە زاخۆ، شنگال، سلێمانی، هەولێر و دهۆك و هەڵەبجەکە ئەمانە بەزۆنی یەکەم دادەنرێن، هەرچی زۆنی دووەمە، کە هەریکە لە خانەقین، کەرکوک، لە ناوچە شێدارەکان بە دووری دەبارێت و ڕێژەی زۆر کەمە یان ساڵی وا هەیە هەرنابارێت.(صالح، 2023، ص 149)

### 1-4-2: ئاوی سەر زەوی

ئاوی سەرزەوی یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ئەم ئاوە بە ڕووبارەکانی هەمیشە ڕژاو و لقەکانیان و دۆڵی وەرزی و کۆگاکانی ئاوی بەردەم بەنداوەکان دەگرێتەوە، ئەم سەرچاوەیە بڕبڕەی پشتی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافییە لە کورستان-عێراق، بەو پێیەی زۆربەی دانیشتوان و چالاکییە ئابوورییەکانی لە دەوروبەری ڕووبار و کانیاوەکان لە کوردستان چڕبوونەتەوە، ئاوی سەر زەوی لە کوردستانی عێراق هەموو ئەو ڕووبار و لقانە دەگرێتەوە کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە و بەگرنگترین سەرچاو و خۆراکی ئاوی بۆ ڕووباری دیجلە دادەنرێت و کە گرنگترینیان بریتین لە (خابور، زێی گەورە، زێی بچوك، سیروان، عوزێم).(کاکە شیخ، 2022، ص464)

### 1-4-3: ئاوی ژێر زەوی

کوردستان لە ڕووی سامانی ئاوی ژێر زەوییەوە دەوڵەمەندە چونکە زۆربەی بەردەکانی لەو بەردانەن کە ڕێگە بە ئاو دەدەن بۆ چینە کانی ژێر زەوی بڕۆن و لە بنەوە حەوزی ناو پەیدا بکەن هەر چەندە تاکوو ئێستا زانیارییەکی تەواو مان لە سەر ئاوی ژێر زەوی کوردستان و بارستایی و شوێنی حەوزەکانی نییە،(غفور، 2008، ل 114) بەڵام ئاوی ژێر زەوی بەسەرچاوەیەکی گرنگی دەرامەتە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، بەهۆی بەکارهێنانی لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، سەرەڕای ئەوەی کە هۆکارێکی سروشتییە بۆ پێکهێنانی ئاوی سەر زەوی، چونکە بە سەرچاوە گرنگەکانی ئاوی ڕووبار و دەریاچەکان دەژمێردرێ، ئەم دەرامەتە ڕۆڵی خۆی لە دابینکردنی پێداویستییەکانی دانیشتوان و پێداویستی ئاژەڵ و کشتوکاڵی هاوینەی هەرێم دەبینێت،(نەقشبەندی، 1999، لا125)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها تا ڕادەیەکی زۆریش لە چەندین شوێنی هەرێم نیشتەجێبوونی مرۆیی دیاری دەکات، درێژبوونەوەی زنجیرە شاخەکان بە ئاراستەی باکووری ڕۆژئاوا باشووری ڕۆژهەڵات کە لە نێوانیاندا چەند دۆڵ و دەشتاییەک هەیە، ئەو ناوچانەی کردۆتە کۆگایەکی گەورەی ئاوی ژێر زەوی، سەرەڕای ئەوەی باوبوونی پێکهاتووی کلسی ئاو هەڵگر و خاوەن کونیلە داری بەرز یارمەتی فرەی ئاوی ژێر زەوی لە هەرێم داوە، لە حەوزە گرنگەکانی ئاوی ژێر زەوی لە هەرێم وەکو حەوزی هەولێر، ئاکرێ، شارەزوور، ڕانیە، قەڵادزێ، ئاوی ژێر زەوی هەرێم دابەش دەبێت بۆ هەریەکە لە بیر و کارێز، بیر بە یەکێ لەڕێگە کۆنەکانی دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی دادەنرێ لە هەرێم، لە پێناوی دابینکردنی پێداویستییە هەمەجۆرەکانی دانیشتواندا لێدەدرێ.(زرگار،2021)

لە کۆتایی ئەم باسە دەگەینە ئەوەی کەوا ئاسایشی ئاو ڕەهەندە جیاوازەکان لەخۆدەگرێت، ئەمەش پێویستی بە پێناسەیەکی ڕوون و تێگەیشتنێکی چەمکی هەیە لە ئێستادا،خۆی لە خۆیدا ئاسایشی ئاو ئامازەیە بۆ بەردەستبوونی بڕی قبوڵکراو و کوالیتی ئاو بۆ تەندروستی، بژێوی ژیان، ئیکۆسیستەم و بەرهەمهێنان، لەگەڵ ئاستێکی قبوڵکراوی مەترسییەکانی پەیوەست بە ئاو بۆ مرۆڤ و ژینگە و ئابووری، تێگەیشتن لە چەمکی ئاسایشی ئاو زۆر گرنگە، پێویستی بە دیدێکی گشتگیر هەیە کە نەک تەنها بەردەستبوونی فیزیکی ئاو بەڵکو دەستڕاگەیشتن و گونجاوی و بەڕێوەبردنی بەردەوامیش لەبەرچاو بگرێت. جگە لەوەش ئاسایشی ئاو لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە ئاسایشی نیشتمانییەوە، چونکە کەمی ئاو یان نائاسایشی دەتوانێت گرژییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بکات و ململانێ لە کۆمەڵگا دروست بکات و سەقامگیری ئابووری و سیاسی تێکبدات، بۆیە بەردەستبوون و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر توانای دەوڵەت هەیە بۆ بەردەوامبوونی دانیشتووانەکەی و پشتگیریکردنی پیشەسازییەکانی و پاراستنی خۆشگوزەرانی گشتی، لەم چوارچێوەیە هەرێمی کوردستاندا، ئاسایشی ئاو گرنگییەکی تایبەتی هەیە بەهۆی بارودۆخی جوگرافی و کەشوهەوای تایبەتی هەرێم، هەروەها پشتبەستنی بە سەرچاوە ئاوییەکانی سەر زەوی و ژێر زەوی، بۆیە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان ئاسایشی ئاو و ئاسایشی نیشتمانی و بەڕێوەبردنی بەردەوامی سەرچاوە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان گرنگییەکی سەرەکی هەیە بۆ ئاسایشی ئاوی عێراق.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2: رۆڵی هەرێمی کوردستان لە ئاسایشی ئاوی عێراق

لەم بەشەدا باس لە رۆڵی سەرچاوە ئاوییەکان و بەنداوەکانی کوردستان لە دابینکردنی ئاسایشی ئاوی عێراق و سیاسەتی بەرێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان دەکەین، هەروەها لە کۆتایی ئەم بەشە باس لە پەیوەندی نێوان هەرێم بەغدا لە بابەتی ئاسایشی ئاودا دەکەین.

### 1-2: رۆڵی سەرچاوە ئاوییەکان و بەنداوەکانی کوردستان لە دابینکردنی ئاسایشی ئاوی عێراق

هەرێمی کوردستانی عێراق دەوڵەمەندە بە سەرچاوە ئاوییەکان، بەهۆی ئەوەی کە چەندین ڕووبار و لقی گرنگ سەرچاوە دەگرن لەم هەرێمە هەیە یان بەناو خاکەکەیدا تێپەڕدەبن، ناوچەکە سود لە ڕۆیشتنی ئاوی ژێر زەوی وەردەگرێت کە زۆر زیاترە لە ئاوی ناوچەکانی دیکەی وڵات، بەتایبەتی لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور لە وەرزی وشکەساڵیدا، هەروەها گرنگی هەرێم وەک پایەیەکی ستراتیژی بۆ گەیشتن بە ئاسایشی ئاو لە عێراقدا بەرز دەکەنەوە، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی پشتبەستنی وڵات بە ئاوی هاوبەش کە زۆربەیان لە دەرەوەی سنوورەکانیەوە دێت، بەم شێوەی خوارەوە دەیانخەینەڕوو:-

### یەکەم: ڕووبارەکان

#### ا) ڕووباری خابور(خابیر)

لە باکووری گوندی جالیکەوە لە کوردستانی تورکیاوە دێتە ناو خاکی هەرێم، هەروەها تێکڕای داهاتی ساڵانەی ئەم ڕووبارە دەگاتە(١،٩٦ملیار)م3، بە ڕێژەی ٢،٢٪ کۆی گشتی ئاوی ڕووباری دیجلە پێکدێنێت.(فارس بیك، 2018، ص2)

#### ب) زێی گەورە(زێ بادینان)

ڕووبارەکە بەشێکی هەڵدەقولێت لە چیاکانی هەکاری لە ناوەڕاستی نێوان دەریاچەی وان، لە نزیک گوندی چاڵ لە باکوری قەزای ئامێدی دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، بەشێکی دیکە سەرچاوەی ڕووبارەکە لە چیاییەکانی قەزای چۆمان و قەزای ڕەواندز هەلدەقولێت، لە گوندی بێخمە هەردوولای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووبارەکە یەکدەگرن رووباری زێی گەورە پێکدەهێن، دواتر ڕووبارەکە بەرەوە باشوری هەنگاو دەنێت لە نزیک شوێنەواری نەمرود دەڕژێتە دیجلەوە،(رزگار،2021)، داهاتی ئاوی ساڵانەی ئەم ڕووبارە کە دەرژێتە ناو ڕووباری دیجلەوە بریتیە لە(١٣.٢٩ملیار)م٣ بە ڕێژەی٣٣٪ بەشداری لە کۆی ساڵانەی ئاوی ڕووباری دیجلە دەکات.(غەفور، 2008، ل88)

## ج) زێی بچووک

زێی بچوك یەکێکە لە سەرچاوە ئاویە گرنگەکانی کوردستان، بەشێکی ئەم ڕووبارە لە خاکی کوردستان لە ئێرانەوە هەڵدەقولێت، بەشێکی دیکەی کە لە کوردستان لە عێراقەوە سەرچاوە دەگرێت لە ئاوی کانیاو و بەفری تواوەی چیاکانی کوردستان لە ناوچەکانی هەڵشۆ لە قەڵادزێ و سەروچاوە لە رانیە و چیاکانی پێنچوین و قەڵاچۆلان و ماوەت..هتد لەخۆی دەگرێت،(السعدی، 1976، ص 48) گرنگترین سەرچاوەی دەریاچەی بەنداوی دۆکان و ڕووباری دیجلەیە،ڕووبارەکە لە نزیک گوندی ماشان دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە،(السلامة، 2023، ص1962) لە باشووری شەرگاتەوە دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە، داهاتی ساڵانەی ئاوی ڕووبارەکە(٧ملیار)م٣ زیاترە، کە دەگاتە لە ١٧%ی ئاوەی ڕووبارەکە بەشدارە لە داهاتی ئاوی ڕووباری دیجلە.(غفور، 2008، ل90)

## د)ڕۆخانە(ئاوەسپی)(عوزێم)

ئەم ڕووبارەش یەکێکە لە لقە گرنگەکانی ڕووباری دیجلە و ڕووبارێکە کە لە چوارچێوەی خاکی هەرێمی کوردستانی-عێراقدا سەرچاوەی گرتووە،(حسن، 2021، ص118) لە چیاکانی قەرەداغ و شوان و تاسلوجە لە سنوری پارێزگای سلێمانی، کە بە سەرچاوە ئەم ڕوبارە دادەنرێن و دەرژێتە ناو ڕووباری دیجلە لە باشووری شاری بەلەد، تێکرای داهاتی ئاوی ساڵانە دەگاتە(0.7 ملیار)م٣ ، بە ڕێژەی ٢٪ بەشداری لەپێک هێنانی ئاوی دیجلە دەکات.(رزگار، 2021)

## ە) سیروان (دیالە)

سەرچاوەی ئەم ڕووبارە لە دووبەشە پێکدێت، بەشێکی رووبارەکە لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵدەقولێت، لە نزیک گوندی لاوەرانەوە دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، بەشێکی دیکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووبارەکە چیاکانی پارێزگای هەڵەبجە سەرچاوەدەگرێت، بە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاو پێدانی ڕووبارەکە دادەنرێت لە بەیەک گەیشتنی سێ لقی سەرەکی پێکدێت؛ ڕووباری سیروان و ڕووباری تانجەرۆ و ڕووباری زەڵم، پاش ئەوەی لە چیاکانی هەورامان و زنجیرەی بەرانان دا و سەرچاوی سەرەکی ئاوی بەنداوی دەربەندیخانە، لە باشووری بەغدا دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە.(الندواي، بدون السنة، ص149) تێکڕای داهاتی ئاوی ساڵانەی (٣.٥ملیار)م٣، ئەم ڕووبارە بە ڕێژەی نزیکەی١٤٪ی کۆی ئاوی ساڵانەی ڕووباری دیجلە دابین دەکات(رزگار، 2021).

## دووەم: ئاوی گۆگاکراوی ژێر زەوی

جگە لە ئاوی ڕووبارەکان هەرێمی کوردستان یەدەگی ئاوی ژێر زەوی باشی هەیە کە بەپێ سەرچاوەکان ئاوی ژێر زەوی لە هەرێمی کوردستان بە (٤ملیار)م3 مەزەندە دەکرێن، بەڵام شارەزایان پێیان وایە کە بڕی ڕاستەقینەی ئاوی زیاترە لەوەی دیاری کراوە، ساڵانە ڕێژەییەکی باش ئاو دەچێتە ناوچەکەوە، کە ٣٠-٣٥%ی کۆگاکانی ئاوی ژێر زەوی بارگاوی دەکەنەوە، (ڕووداو، 2021) سەرەڕای نزیکەی دوو دەیە لە دابەزینی ئاوی ژێر زەوی لە هەرێمی کوردستان، هەر بۆ نمونە حەوزی هەولێر، خاوەن یەدەگێکی گەورەی ئاوی ژێر زەوییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕووبەری سێ هەزار و 200 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، بەڵام بەهۆی خراپ بەکارهێنانیەوە تووشی کەمبوونەوەی بەرچاو بووە. بەڵام لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە بارودۆخی زۆر باشترە ئەگەر ڕێگری بکرێت لە خراپ بەکارهێنانی دەتوانرێت دووبارە بارگاوی بکرێنەوە و لە داهاتوو سودی لێ ببین(تاشان، 2019)

## سێیەم: بارانبارین

هەرچی سەبارەت بە باران بارین لە هەرێمی کوردستان لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراق زۆر زیاترە، بەڵام ساڵ بۆ ساڵی دیکە ئەو ڕێژەیەش گۆڕانکاری بەسەر دادێت، بەپێی ناوچە و وەرزەکان جیاوازیان هەیە، کۆی گشتی ساڵانە بارانبارین جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراق، زۆرترین ڕێژەی باران بارین لە کوردستان دایە، و هەموو ئەمانەش کاریگەریان هەیە لەسەر بڕی ئاوی تەقلیدی عێراق بۆ بوژانەوەی ئاوی ژێر زەوی و کە بیر و کانیاوەکان دەگرێتەوە بەتایبەت کە لە وەرزی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوین بە گەرم و وشکی لە بەشی هەرەزۆری ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق،(العساف،2005، ص249) ئەو برە زۆرەی باران بارین بەسەر کوردستانی عێراقدا وایکردووە کە ناوچەیەکی کەشوهەوای جیاواز بێت و توانای کشتوکاڵی و گەشتیاری و ئاوی زۆری کردووە، زۆرێک لە دەڤەرەکانی کوردستان بۆ کشتوکاڵەکەی پشت بە بارانبارین دەبەستێت، هەروەها توانای گەشتیاری سەرکەوتووی هەیە، بەتایبەتی لە هاویندا بڕێکی زۆر ئاوی دیجلەش دابین دەکات و ئەمەش گرنگیەکی ناوازەی کەشوهەوای ناوچەکە دەدات، هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەو بەرزییەی کە هەیەتی تایبەتمەندە.(عبدالمجید، 2008، ص792)

## چوارەم: ئاوی کۆگاکراوەی بەنداوەکان

سەبارەت بە گۆگاکردنی ئاو لە هەرێمی کوردستان لە هەرێمی کوردستان هەرچەندە ئەو سێ بەنداوەی کە هەن (دوکان، دەربەندیخان و دهۆك) هەروەها ئەو چواردە بەنداوەی دیکە کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان دروستکراون، دەتوانرێت زیاتر لە(10ملیار)م³ئاو گلبدرێتەوە، ئەوەی جێگای ئاماژەیە بە تەنیا بەنداوی بێخمە ئەگەر بێت دروست بکرێت کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا دەستکرا بە دروستکردنی و تاوەکو ئێستاش بە نیوەچڵی ماوەتەوە، دەتوانێت نزیکەی(١٧ملیار)م³ ئاو گلبداتەوە، بەمەش کوردستان دەبێت بە گەورەترین سەرچاوەی داهاتی ئاو لە ناوچەکەدا لە رووی سامانی ئاوی و بەرهەمهێنانی وزەوە، دیارە لەگەڵ دروستکردنی ئەو ژمارە بەنداوەی دیکە کە پێشوتر باسمان کرد و لە پلانی ستراتیژیی حکومەتی هەرێمدایە، دەتوانرێت نزیکەی (٣٦ ملیار)م³ ئاو کۆگایی بکرێت بەمەش هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە گەورەترین کۆگاییکردنی ئاو لە عێراق، دەتوانین بڵێین کوردستان لە داهاتوودا یودی لێوەربگیرێت. (سابیر، 2020)

## پێنجەم: پرۆژەئاوییەکان

سەبارەت بە پرۆژە ئاوییەکان لە هەرێم، حکومەتی کوردستان بەم دوایاندا دەستیکردوە بە بنیادنانی کۆمەڵێک پۆند لە هەرێمی کوردستان، وەک بەڕێوەبەری بەشی بەنداوەکان لە هەرێمی کوردستان

ڕایگەیاند، کە دەیانەویت ژمارە بەنداوەکان بگەینە 21 بەنداو، هەورەها وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە حکومەتی هەولێر ڕۆژی 2022/16/3 واژۆکردنی یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی بۆ دروستکردنی چوار بەنداوی نوێ لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک ڕاگەیاند، بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای "پاوەرچینا"، بەگوێرەی زانیارییەکانی بەیاننامەی وەزیری کشتوکاڵ، "بیگەرد تاڵەبانی" لە ڕاگەیەندراوەکەی وەزیرەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەنداوەکان بریتین لە "بەنداوی داڵگە لە سنووری قەزای پشدەر، بەنداوی خیۆتا لە سلێمانی، بەنداوی مەندەوا لە هەولێر، بەنداوی بەکرمان لە دهۆک، دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە هەولێر کار لەسەر پرسی بەنداو دەکات لەسەر هەموو ئەو لقانەی کە دەڕژێنە ناو دیجلە و لەسەر خودی ڕووباری دیجلە هەوڵی ڕێکخراو لە سەرەتای پلانی یەکەمەوە بۆ دروستکردنی ١٣ بەنداو لەسەر دیجلە و لقەکانی، کە بووەتە واقیعێکی کردەیی ئێستا دوای ئەوەی تەنها چەند مانگێک لەمەوبەر پرۆژەیەک بوو لەسەر کاغەز، کە ئەمەش پێگەیەکی سیاسی و ئابووری بەهێز دەبەخشێتە هەرێمی کوردستان لە ئێستا و داهاتووشدا بەتایبەت کە دوای ئەوەی کەوا ڕووبارەکان لە عیراق وشک دەبن بەپی پێشبینیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان.(غفور، 2008، ل120)

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا هەرێمی کوردستان وەکو قەوارەیەکی دیفاکتۆی جیۆپۆلۆتیکی لە ناوچەکەدا فاکتەرێکی گرنگە و دەتوانێت رۆڵێکی بەرچاو لە پاراستنی ئاسایشی ئاودا لە عێراقدا ببینێت، ئەویش بە حوکمی ئەوەی کە ساڵانە بڕێیکی باش باران و بەفر لەزستان و بەهاردا لە هەرێمی کوردستان دەبارێت، دەتوانرێت سود لەم دابارینە وەربگیردرێت، چ بەدروستکردنی بەنداو، گۆماو یان هەرجۆرە بەربەستێکی دیکە بەمەبەستی گڵدانەوەی ئاو دروست بکرێت لەناوچەکە، کوردستان بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافیایی لە ناوچەیێکی شاخاوی و پڕدۆڵەوە هەڵکەوتوە بۆیە بۆ دروستکردنی ئەم پرۆژانە لە چاو ناوچەکانی دیکەی عێراق ئاسانترە و تەنانەت بوجەی کەمتریشی دەوێت، هەروەها خۆی لەخۆیدا جیۆپۆلەتیکی کوردستانی عێراق کەوتووەتە نێوان هەردوو وڵاتی سەرچاوە ئاوی کە ئەوانیش تورکیا و ئێرانن کە وادەکات ببێتە ئەمبارێکی گرنگی گلدانەوەی ئاو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەو بەنداوانەی کە هەریەك لە تورکیا و ئێران لەسەر سنوورەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروستیان کردووە، کاریگەری نەرێیان لەسەر چارەنووس و داهاتووی ئاوی هەرێم دەبێت، بەتایبەت ئەگەر هاتوو هەرێمی کوردستان برەو بە سیاسەت و ستراتیژیەتی درێژخایەنی ئاوی

خۆی نەدات، چونکە ئەم پرسە لە ناوچەکە بۆتە پرسێکی سیاسی و ئابوری و ئاسایشی.(محەمەد، 2021)

لە کۆتاییدا، هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە بەرزکردنەوەی ئاسایشی ئاوی لە عێراقدا لە ڕێگەی گەشەپێدانی سەرچاوەکانی ئاو و بەرزکردنەوەی توانای هەڵگرتنەوەی، بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پێویستی بە پەسەندکردنی کۆمەڵێک سیاسەت و ستراتیژیەتی یەکگرتوو هەیە، بەم شێوەی خوارەوە:-

یەکەم، وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیای ئاودێری نوێ و هاندانی پراکتیزەکانی کشتوکاڵی پاشەکەوتکراوی ئاو لە نێو گرنگترین ڕێگاکانن بۆ ڕاشنالکردنی بەکارهێنان لە بەشی کشتوکاڵیدا، کە گەورەترین بەکارهێنەری ئاوە لە هەرێم و عێراقی گشتیدا.

دووەم، بنیاتنانی بەنداو و حەوزە ئاوەکانی نوێ، هەروەها نۆژەنکردنەوەی دامەزراوە موجودەکان، بەشدار دەبێت لە زیادکردنی توانای هەڵگرتنەوەی ئاو، ئەمەش دەتوانێت باشترکردنی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو بکات، بەتایبەتی لە کاتی وشکەساڵی یان کەمی ئاودا.

سێیەم، پەسەندکردنی سیاسەتەکانی بەڕێوەبردنی کاریگەری ئاو، وەک میکانیزمەکانی نرخی ئاو و دابینکردنی هاندانی ئابووری بۆ بەکارهێنانی ژیرانە، هاندەری بەکارهێنانی بەرپرسیارانە دەبێت و بەفیڕۆدان کەم دەکاتەوە.

چوارەم، هاندانی بەرنامەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەسەر گرنگی ڕاشنالکردنی بەکارهێنانی ئاو و پەرەپێدانی کولتووری بەڕێوەبردنی بەردەوام فاکتەرە سەرەکیەکانن لە بنیاتنانی هۆشیاری ژینگەیی و ئاویی لە نێو هاوڵاتیاندا.

لە کۆتاییدا، بەهێزکردنی هاهەنگی دامەزراوەیی و هاوکاری لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاودا هەنگاوێکی بنەڕەتییە بەرەو بەدیهێنانی دابەشکردنی دادپەروەرانە و بەردەوامی ئاو لە سەرانسەری عێراقدا.

بەمەش، پەسەندکردنی ئەم سیاسەت و ڕێوشوێنانە بەشداری هەرێمی کوردستان بەرز دەکاتەوە لە بەدیهێنانی ئاسایشی ئاوی نیشتیمانی و پشتگیری هەوڵەکانی گەشەی بەردەوام لە سەرانسەری وڵاتدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-2: سیاسەتی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان

لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی نوێی گرتۆتەبەر کە مەبەستی دابینکردنی ئاسایشی ئاو و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە یەکەمەیتدانی و ستراتیژییەکانی حکومەتی داناوە بەتایبەت لە کابینەی نۆیەم، سیاسەتی نوێی حکومەتی هەرێم بریتیە لە فراوانکردنی دروستکردنی بەنداوی نوێ و پۆند لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بۆ بەرزکردنەوەی گۆگاکردنی ئاو و بەرزکردنەوەی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان،(شبكة الساعة، 2024) لە چوارچێوەی سیاسەتی نۆی ئاوی حکومەتی هەرێم کۆمەلیك بەنداوی بچوك دروستکراوان کە گرینگترین بەنداوەکان کە لە کابینەی نۆیەم تەواو بوون بریتین لەمانەی خواەوە:-

1- بەنداوی چەمەرگە: توانای هەڵگرتنی یەک ملیۆن و 200 هەزار مەتر سێجا ئاوی هەیە.
2- بەنداوی خنس: توانای هەڵگرتنی 7 ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە.
3- بەنداوی دیوانە: توانای هەڵگرتنی 21 ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە
4- بەنداوی ئاقوبان: توانای هەڵگرتنی 2.6 ملیۆن مەتر سێجا ئاو جێبەجێکرد.
5- بەنداوی شەوگێر: توانای هەڵگرتنی 2 ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە.
6- بەنداوی تووڕەجار: توانای هەڵگرتنی 2 ملیۆن مەتر سێجا ئاوی هەیە.
7- بەنداوی گۆماسپان: توانای هەڵگرتنی 97 ملیۆن مەتر سێجای هەیە.
8- بەنداوی بەستۆرە: توانای هەڵگرتنی 20 ملیۆن مەتر سێجای هەیە.
9- بەنداوی دوین: توانای عەمبارکردنی 100 ملیۆن مەتر سێجای هەیە.(کوردستان 24، 2024)

لە چوارچێوەی سیاسەتی نوۆی حکومەتی هەرێم بۆ سەرچاوە ئاوییەکان دروستکردنی زیاتر بەنداوەکانە و زیاتر گلدانەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی بەردەست لەهەرێم بەتایبەت کۆکردنەوەی باراناوە، هەربۆیە لە ئێستادا ژمارەیەک بەنداوی دیکەش لە قۆناغی دروستکردندان، بۆئەوەی بەشداربن لە زیادکردنی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێم، شایەنی باسە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەییکی زۆرلە پرۆژەکانی کۆگاکردنی ئاو لە قۆناغی دروستکردندان، بەم نزیکانەش چەند گۆگاکردنی تریش دەچنە کار، دروستکردنی ئەم بەنداوانە تیشک دەخاتە سەر زیادکردنی ئاوی سەرزەوی و پاککردنەوەی ئاوی ژێر زەوی و دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەکانی ماسی و پەرەپێدانی گەشتیاری و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بەشداریکردن لە بەرەنگاربوونەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆڕانی کەشوهەوا و زیادکردنی ڕێژەی سەوزای، لێرەدا سیاسەتی ئاوی حکومەت بەمەبەستی بەرزکردنەوەی توانای خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی کەشوهەوا و بەرەوپێشبردنی بەردەوامیی ژینگەیی و ئابووری لە ناوچەکەدا نیشانداوە،(Arif, 2023, p4) لەگەل ئەوەی بەم دوایانە سیاسەتی حکومەت کۆمەلی گۆڕانکاری ئەنجامداوە لەبارەی پرسی ئاودا، بەڵام هێشتا لەئاست پێویست نیە، تەنانەت هاوتەریبش نیە لەگەل خێرایی گۆڕانکاری کەش و هەوا و کەمبونەوەی ئاو لە ناوچەکە بۆیە سیاسەتی ئاوی لە کوردستان کۆمەڵی ئالنگاری لەبەردەمە بۆ گەیشتن بە ئاسایشی ئاو دەبێت هەڵبدرێت ئەم ئالنگاریانە بەزوترین کات چاەسەربکرێت کە گرینگترین ئالنگارییەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:

**1- خراپی بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان**

ڕێبازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان ڕووبەڕووی ڕەخنەی بەرچاو بووەتەوە، زۆرێک لە چاودێران باس لەوە دەکەن کە کەموکورتییەکان لەم بوارەدا بە پلەی یەکەم بەهۆی سنووردارBوونی ژینگەییەوە نییە، بەڵگەیەکی سەرەکی کە بۆ پشتگیری لەم ئارگیومێنتە ئاماژەی پێکراوە، نەبوونی بەرچاوی پرۆژەی ئاودێری گرینگە کە لە سێ دەیەی ڕابردوودا لە ناوچەکەدا دەستیپێکردووە، ئەم ناچالاکییە بە تایبەتی کاتێک لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخە لەبارانەی کە لەم ماوەیەدا باو بووە، لەبەرچاو دەگیرێت، سەرنجڕاکێشە، بە تایبەتی دروستکردنی بەنداوەکان و بوونی پلانی گواستنەوەی ئاوی ئەگەری دەرفەتی بەرچاوی خستەڕوو کە دەکرا بۆ فراوانکردنی کشتوکاڵی ئاودێری بەکاربهێنرێت. بەڵام ئەم دەرفەتانە تا ڕادەیەکی زۆر بەدی نەهاتوون، ئارگومێنتە باوەکە ئەوە گریمانە دەکات کە نەبوونی پێشکەوتن لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاودا دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕی لە پلاندانانی زانستی و دووربینی ستراتیژی، نەک سنووردارکردنی سروشتی کە ژینگەی سروشتی سەپێنراوە. ئەگەر بێت و ڕێبازێکی بەهێزتر و زانستیتر بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاو بەکاربهێرێت دەتوانێت توانایەکی بەرچاو بۆ کەرتی کشتوکاڵی ناوچەکە بکاتەوە، ئەم جۆرە پێشکەوتنانە دەتوانێت ببێتە هۆی بوژانەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستان، لە دۆخی ئێستایەوە بگۆڕێت بۆ دۆخێک کە چالاکانە بەرهەمی کشتوکاڵی هەناردە دەکات، سودمەندانی ئەم گۆڕانکارییە دەتوانن ناوەڕاست و باشووری عێراق لەخۆ بگرن، کە نوێنەرایەتی بازاڕێکی ئاسان بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی هەرێم دەکەن.(احمد، 2022، ل125)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2- لاوازی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا لەپرسی ئاو

لاوازی حوکمڕانی و نەبوونی متمانە لە نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵاتداران ڕێگری لە بەڕێوەبردنی کارای سەرچاوە ئاوییەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات. سەرەڕای زیاتر لە ٢٠٠ ڕێکخراوی ناحکومی ناوخۆیی تۆمارکراو کە تایبەتمەندن لە ئاو و ژینگە، کاریگەرییەکانیان بەهۆی کەمی بودجە و نەبوونی دیدگای ستراتیژی لەلایەن دەسەڵاتە ناوخۆییەکانەوە سەبارەت بە خوێندەواری ئاو سنووردارە. ئەمەش نموونەی هەڵکەندنی نایاسایی بیرەکان بەبێ کۆنترۆڵ دەکرێت، کە مەترسی لەسەر یەدەگی ئاوی ستراتیژی دروست دەکات. خواست لەسەر بیرەکان نزیکەی شەش هەزار بیرە، بەڵام کۆی گشتی ژمارەکە لە ٣٠ هەزار تێدەپەڕێت، کە پێنج هێندەی بڕی پێویست. جگە لەوەش، ڕێسا ناتەبایی و جێبەجێنەکراوەکانی دووری بیرەکان(٥٠٠-٧٠٠م) کێشەکە گەورەتر دەکەن، سەرەڕای پابەندبوونی حکومەت بە چارەسەرکردنی.(مولتر، 2021، ص14)

## 3- نەبوونی ژێرخانی ئاو پێشکەوتوو

لە هەرێمی کوردستانی-عێراق ژێرخانی ئاوی پێشکەتووش بوونی نیە ئەوەی هەیە سیستەمێکی کۆنە، هەرچەندە هەندێک پرۆژەی ئاوی نوێ کراوەنەتەوە، بەڵام نەبۆتە هۆی گۆرینی سیستەمی کۆن بەتەواوی، بۆیە سیستەمی دابەشکردنی ئاوی کۆن و ناکارامە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئاوێکی زۆر لەڕێگەی دزەکردن و شکانی هێڵەکانی گواستنەوە،(کاکە شیخ، 2022، ص468) وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی وایە نزیکەی٥٠-٦٠%ی ئاوی خواردنەوە کە بڕیارە بگەیەنرێتە ماڵان، بەهۆی دزەکردن یان بۆری بێ مۆڵەتەوە بە فیڕۆ دەچێت، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە سنووردارییی وێستگەکانی پاککردنەوەی ئاوی قورس بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی هەرێمی کوردستان، تەنیا نزیکەی١٠-٢٠%ی ئاوی پیسی هەرێمی کوردستان پاکدەکرێتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە٨٠%ی ئاوی پیسی دیکە دەڕژێتە ناو سەرچاوەی ئاو کە پاک نەکراوەتەوە یان بەشێکی زۆری پاکنەکراوەتەوە، ئەمەش دەبێتە هوی پیسکردنی ئەو سەرچاوە ئاوییانەی کە بەردەستن.(محمودی، 2023، ڵ2)، بەڕێوەبردنی ئاو لە ڕوی چەندێتی و چۆنیەتیەوە تاڕادەیەک فرە ڕەهەندە و پێویستی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەماهەنگی و هاوکاری پتەوی هەمو وەزارەتەکان هەیە، پەرلەمان دەبێت رۆڵی چاودێری خۆی ببینێت لە سەر ئەم وەزارەتانە و هەر یەکەیان بە پێی دەسەڵات و بەرپرسیاری یاسایی خۆیان بەرپرسن لە پاراستنی ژینگە لە پیسبون، زیادبونی ژمارەی دانیشتوان و گەشەی پیشەسازی و بازرگانی کاریگەری دەبێت لە سەر زیادبونی خواست لە سەر ئاو.(رشید، 2022)

## 4- پیسکردنی سەرچاوەکانی ئاو

لە هەمووی مەترسیدارتر ئەم باسە بریتیە لە پیسبونی سەرچاوە ئاوییەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت کاتێك ئەو ڕووبارانەی لە دەرەوەی سنورەکانەوە دێنە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بەهۆی بەکارهێنانی بەرفراوانی لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە بۆ پرۆژەی جۆراوجۆر، ڕێژەی ئاوی کوالیتی بەرزی گەیشتن بە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکردووەتەوە، هەروەها پیسبوونی ئاو یەکێکە لەو پرسە سەرەکییانەی کە کاریگەری لەسەر ئەم هەرێمە هەیە، کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاوی ناوماڵ و زیادبوونی نەخۆشی لەناوچە شارەکاندا، ئاودێری سەوزەواتەکان بە ئاوەڕۆ، لەگەڵ سیستەمی ئاو بەسەرچوو و سنووردداربوونی دەستڕاگەیشتن بە ئاوی پاک، بەشداربووە بۆ کێشە تەندروستییەکان،(کاکە شێخ، 2023)، کوالیتی ئاو نیگەرانیەکی گرنگە لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنە پەیوەندیدارەکان بێدەنگن و هیچ هەنگاوێکی بەرچاو ناگرنەبەر، لە ئێستادا ئەو شێوازانەی ئاودێری کە بە شێوەیەکی باو بەکاردەهێنرێن بریتین لە تێکەڵکردنی ئاوی ئاوەڕۆ کە بۆ بەکارهێنانی کشتوکاڵی کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا قەدەغەیە و زیان بەخشە بەهۆی زۆری ڕێژەی نەخۆشی بەکتریا، ئەمەش مەترسی تەندروستی نەک تەنها بۆ جووتیاران و ئەوانەی بەرکەوتنیان لەگەڵ ئاوەکەدا هەیە بەڵکو بۆ بەکارهێنەرانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و ئاوی خواردنەوەش دروست دەکات،(الیاسري، 2012، ص1424)، ئەگەر چارەسەرێکی کاریگەر بۆ پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان نەدۆزرێتەوە، لە داهاتوودا لەوانەیە لێکەوتەی سەختی لێبکەوێتەوە، بۆیە زۆر گرنگە لە بنەڕەتەوە چارەسەری ئەم کێشانە بکرێت؛ ئەگەرنا ڕەنگە دۆخی ناوچەکە زیاتر تێکبچێت هەروەها دورنیە ئەو بەشە ئاوەی هەشمانە کە بۆ خورادنەوە دەشێت لەدەستی بدەین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 5- زیادبونی نائەندازەی دانیشتوان

خالێکی دیکەی کاریگەر لەسەر سیاسەتی ئاوی هەرێمی کوردستان ، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان بەتایبەت لە شارەکان هۆکاری بەرچاون بۆ زیادبوونی بەکارهێنانی سەرچاوە جۆراو جۆرەکان، مالتۆس تیۆریزەی ئەوەی کرد کە کۆمەڵگەی مرۆیی هەر ٢٥ ساڵ جارێک لە ژێر بارودۆخێکی ئایدیاڵدا دوو هێندە زیاد دەبێت، ئەمەش لەکاتێکدایە سەرچاوە سروشتییەکانی بەردەست سنوردارن، هۆکارێکی سەرەکی کەم ئاوی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی،(حمه امین،2024، ل200)، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دیاریدەیەکی جیهانیە لە زۆرێک لە وڵاتان ئەمڕۆ بەدەست دیاردەی زیادبوونی خێرای دانیشتوانەوە دەناڵێنن، کە دەرئەنجامەکانی لە بارودۆخی گشتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە، لە پێشەنگی ئەمانەدا زیادبوونی داواکاری لەسەر ئاوە،(محمد، 2011، ص45) ئەمەش یەکێکی دیکە لە کێشە گەوەرەکان کە ڕووبەڕووی ئاسایشی ئاو دەبێتە لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە زیاد بونی ژمارەی دانیشتوان بەشێوەی هەڕەمەکی و دەرهێنانی ئاو لە ژێر زەوی و بەکاربردنی زیاتر ی ئاو لەلایەن هاوڵاتیان و پرۆژە جۆرەبەجۆرەکانی هەرێم کە ئەمەش پاڵە پەستۆی فراوانی خستۆتە سەر دابینکردنی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان.(مركز بحوث جيل الجديد، بدون السنة، ص7) بەپێی سەرژمێری ساڵی 2024، ئەنجامی بەرایی سەرژمێریی گشتیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاندراو ژمارەی گشتیی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ٦ ملیۆن و ٣٧٠ هەزار و ٦٦٨ کەسی تێپەڕاندووە، ڕێژەی دانیشتوان لە شارەکان سەدا ٨٤% و لە گوندەکانیش سەدا ١٦%یە، ئەمەش بۆ هەرێمێکی بچوکی وەکو کوردستان زۆرە ئەگەر لە داهاتوو بەئەندازەیی نەکرێت کاریگەری خراپی دەبیت لەسەر داهاتووی ئاو لە کوردستان.(وەزراتی پلان دانان، 2024)

## 6- خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە ئاوییەکانی بەردەست

لەلاییێکی دیکەوە تا ئێستا حکومەت نەیتوانیوە کۆنترۆڵی خەڵك بکات لە خراپ بەکارهێنانی ئاوکە خۆی لە خۆیدا ستاندارده نێودەوڵەتییەکان پێشنیاری دەکەن کە رۆژانە ئاوی پێویست بۆ هەر کەسێک لەنێوان ٢٠٠ بۆ ٢٥٠ لیترە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئێستا هەر کەسێک لە نێوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣٥٠ بۆ ٤٠٠ لیتر ئاو بەکاردەبات، گەشەی دانیشتووان دەبێتە هۆی پێویستیی زیادکردنی بەرهەمهێنانی خۆراک، لەلایەکی دیکەوە بەرفراوانبوونی کەرتی کشتوکاڵی کە پێویستیی بە سەرچاوەی ئاوی زیاتر هەیە و کاریگەریش دەخاتە سەر کەمبوونەوەی زیاتری ئاو، بۆ نموونە لەساڵی ٢٠١٧دا لەکۆی( ٧.٤٣ ملیار)م٣ نزیکەی(37.4ملیار)م٣ بۆ کشتوکاڵ بەکارهێنراوە، واتە ڕێژەی87.8%، ئینجا ڕێژەی2.5% بۆ مەبەستی پیشەسازی، و 2.7% بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، هەڵبەت بەهۆی ململانێ و شەڕ لەساڵانی ڕابردوودا بەکارهێنانی ئاوی پیشەسازی کەمیکردووە، ئاوی ژێر زەوی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە کشتوکاڵدا هەیە، بەڵام سەبارەت بە ڕێژەی بەکاربردن و بوونی بیری نایاسایی زانیاریی سنووردار لەبەردەستدایە، جگە لەوەش حکومەت بۆ چارەسەری کێشەی ئاوی خواردنەوە زۆر جار پەنای بۆ لێدانی بیر بردووە، ئەمە جگە لەوەی هاوڵاتیان بەگشتی و خاوەن مەزرعە وڤێلاکان بە نایاسایی بیر هەڵدەکەنن کە ئەمەش زیانێکی زۆری لە ئاوی ژێر زەوی داوە.(محمودی، 2023، ل4)

## 7- خێرایی لە زیادبوونی شارنیشینی و پرۆژە جۆراو جۆرەکان

خالێکی دیکە ئەوەیە کەوا لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی کەمبوونی ڕێژەی بارانبارین، لە دابەزینی بەردەوامدا بووە، ژینگەی هەرێمی کوردستانیش بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەیەوە، (زەڵمی، 2021)هەروەها گەشەکردنی خێرای شارنشینی و بیناسازی و زێدەڕۆیی لەسەر سەرچاوەکانی ئاو لە لایەک و گۆڕانکاری لە کەشوهەوای هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، هەروەها پیسبوونی هەوا و وشکەساڵی و بەبیابانبوونی ناوچەکانی باشووری عێراق و کۆچی دانیشتووانی ئەو ناوچانە لە لایەکی دیکەوە، وا دەکات کە ئەم مەترسییە کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر بوارەکانی تەندروستی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەرێمی کوردستان دروست بکات، ئاسایشی ئاو و ئەم مەترسییانەیش لە شارە گەورەکان وەکو هەولێر، زیاتر هەڕەشە لە سێکتەرەکانی دیکە دەکات و ئەگەری سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی جەماوەریی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا کە گەڕەکەکانی شارە گەورەکان ڕووبەڕووی بێئاوی دەبنەوە، هەروەها ئەگەر لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە ڕێوشوێنی پێویست و زانستی لە هەرێمی کوردستان نەگیرێتە بەر، ئەوە ئەم کێشەیە بەرەو ئەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەچێت کە ببێتە قەیرانێکی جددی، هەموو ئەمانەیش لەژێر کاریگەریی ئێکۆسیستەمە جیهانیەکەدایە، بەڵام دەکرێت بە رێوشوێنی پێویست لە بواری ئاسایشی ئاو کاریگەرییە نەرێنیەکانی کەمتر بکرێتەوە.(قادر، 2024) خۆی لەخۆیدا بوونی داخوازیی زۆر لەسەر ئاو و سستبوون و لاوازبوونی کەرتی کشتوکاڵ لە هەر شوێنێك، هەڕەشەیەکی ئاشکرا و روونە بۆ سەر ئاسایشی خۆراك، بۆیە پێویستە سەقامگیریی ئەو ئاسایشە بەهەند وەربگیرێت و لەگەڵ ئاسایشی ئاوەدا بێ، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان خواست لەسەر ئاو زیاد دەکات، ئەمەش گوشارێکی زیاتر دەخاتە سەر سەرچاوە سنووردارەکانی ئاو لە شار و شارۆچکەکاندا.

ئەوەی لەم باسەماندا پێگەیشتوین ئەوەیە کەوا ئاسایشی ئاو پرسێکی بەرچاو کە لەبەردەم هەرێمی کوردستاندایە، نەبوونی سیاسەتێکی باش دیاریکراو و هەمەلایەنەی ئاوە، لەگەڵ ستراتیژییەکی کۆنکرێتی بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی پرۆژەکانی پەیوەست بە ئاو، لە کاتێکدا کە هەندێک پرۆژەی ئاو لەم دواییانەدا ئەنجام دراون، پشکنینی رەخنەگرانە دەریدەخات کە ئەم دەستپێشخەرییانە لە چارەسەرکردنی کاریگەرانەی پێداویستییەکانی ئاوی دانیشتوانی ناوچەکە کەمن، جگە لەوەش، پێناچێت ئەم پرۆژانە بە رادەیەکی پێویست لەگەڵ چوارچێوەی سیاسەتی ئاوی فراوانتردا کە دەوڵەتی عێراق بە گشتی بەڕێوەدەبات، هاوتەریب بن یان تێکەڵ بکرێن، کەمیی سیاسەتێکی ڕوون و کاریگەرانەی ئاو و ستراتیژی جێبەجێکردن، تەحەددا بۆ بەڕێوەبردنی بەردەوامی سەرچاوەکانی ئاو دروست دەکات، پرۆژە جێبەجێکراوەکان، کە دیدێکی ستراتیژی یەکگرتوویان نییە، لە کۆتاییدا شکست دەهێنن لە دابینکردنی چارەسەری هەمەلایەنە بۆ پێداویستییەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەتی ئاوی عێراقی کە هەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3-2: ئالنگارییەکانی  نێوان هەرێم بەغدا لە بابەتی ئاسایشی ئاودا

لە نێوان هەولێر و بەغدا کۆمەڵێك ئالنگاری هەیە کەکاریگەری لەسەر دابینکردنی ئاسایشی ئاوی عێراقیەوە هەیە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، گرینگترین ئالنگارییەکان بریتین لە مانەی خوارەوە:

**1. نەبوونی ستراتیژی و سیاسەتی هاوبەشی ئاو**

تا ئێستا لە عێراق ستراتیژییەکی هاوبەش و یەکگرتووی ئاوی نییە، بەڕێوەبردنی ئاو لە عێراق بەدەست نەبوونی هەماهەنگی دامەزراوەیی لە نێوان ئاستی فیدراڵی و هەرێمیدا دەناڵێنێت، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان بە جیا لە وەزارەتەکانی فیدراڵی لە بەغدا کاردەکات، هیچ یەکێکیان پەیوەندی بەوەی دیکەوە نیە هەریکەیان سیاسەت و ستراتیژی تایبەتی ئاوی خۆی هەیە. (Fanack Water, 2023).

**2. نەبوونی چوارچێوەی یاسایی و ڕێکخستن**

لە سەر ئاستی دەوڵەتی عێراق چوارچێوەی یاسایی بۆ بەڕێوەبردنی ئاو لە عێراقدا بە یەکێک لە ئالنگاریی پێکهاتە هەرە بەرچاوەکان دادەنرێت، هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان یاسای بەرێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان هەیە بەڵام ئەو یاسایانە کارانین و حکومەتی فیدڕالیش کاریان پێ ناکات، و ناتوانن  بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی ئێستای بەڕێوەبردنی ئاو گونجاو نینن. (Fanack Water, 2023).

**3. نەبونی هەماهەنگی لە دروستکردنی بەنداو پوند و پرۆژە ئاوییەکان**

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردووە بە دروستکردنی چەندین بەنداو بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران و لقی ڕووبارەکان لە وەرزی بارانبارینداا، بەڵام بەبێ هیچ هەماهەنگی و ئاگادارکردنەوەیەک لە گەل بەغداوە، بەپێی وەزارەتی ئاوی عێراق، پرۆژەئاوییەکانی هەرێم کاریگەری لەسەر دابینکردنی ئاو بۆ خوارەوەی عێراق دەبێت، بەتایبەت ئەگەر بەنداوەکانی پێشنیارکراون لەسەر ڕووبارەکان دروستبکرێن، کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕۆیشتنی ئاو لە ڕووبارەکانەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەبێت. هەروەک سیاسەتمەدارانی عێراق ئاماژەیان پێکردووە، پێدەچێت ئەم هەنگاوە قەیرانێکی دیکە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دروست بکات.(سالم، 2022)

### 4. ئالنگاری دارایی و وەبەرهێنان

کەرتی ئاو لە عێراق بەدەست نەبوونی بودجەی تەرخانکراو لە بوجەی گشتی وڵات و نەبوونی هەماهەنگی چ لە نێوان وەزراەکانی حکومەتی فیدڕالی چ لە نێوان حکومەتی فیدڕالی لە بەغدا و هەرێمەوە دەناڵێنێت، ئەم کەموکوڕییە بەتایبەتی کاریگەری بەرچاوی دروستکروە لەسەر پڕۆژەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە حکومەتی هەرێم پشت بە بودجەی فیدراڵی دەبەستێت بۆ دابینکردنی بودجە بۆ پڕۆژە گەورەکان بەتایبەت لە بواری ئاودا.(کوردستان تایمز، 2023)

### 5. ئالنگاری جیۆپۆلەتیکی و دانوستاندن

حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت ڕاستەوخۆ دانوستان لەگەڵ وڵاتانی دروایی بکات؛ بۆیە هەرێم دەبێت هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا بکات بۆ ئەوەی دانوستان لەسەر مافەکانی ئاوی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا بکات، بەتایبەت دەستەبەرکردنی پشکی ئاوی عێراق لە ئێران تەحەددایەکی گەورەیە، پێویستی بە هەماهەنگی بەهێزی نێوان حکومەتی هەرێم و فیدراڵی و پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئێران هەیە بۆ گەیشتن بە چارەسەری بەردەوام کە مافەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان بپارێزێت و ئاسایشی ئاو دەستەبەر بکات، ئەم هەماهەنگییە لە نێوان هەرێم بەغدا تا ئێستا نیە. (MEO، 2024).

چارەسەرکردنی ئالنگارییەکانی بەردەم بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا پێویستی بە ڕێبازێکی فرە ئاست هەیە کە ڕەهەندە یاسایی و دامەزراوەیی و تەکنیکییەکان لەبەرچاو بگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- چوارچێوەیەکی یاسایی یەکگرتوو: نەبوونی یاسایەکی تۆکمەی نیشتمانی ئاو یەکێکە لە بەربەستە هەرە بەرچاوەکانی بەردەم بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاو لە عێراقدا. بۆیە پێویستە یاسای ئاوی فیدراڵی دەربکرێت کە بە ڕوونی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگارەکانی تر دیاری بکات و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میکانیزمی هەماهەنگی کاریگەر دابنێت بۆ دڵنیابوون لە دابەشکردنی دادپەروەرانە و بەردەوامیی سەرچاوەکان.

2- بەرزکردنەوەی هەماهەنگی دامەزراوەیی: زۆر گرنگە هەماهەنگی نێوان بەغدا و هەولێر بەرەو ئاستە پێشکەوتووەکانی کردەوەی هاوبەش لە پرسەکانی ئاسایشی ئاودا پێشبخرێت. ئەمەش پێویستی بە دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای نیشتمانی ئاو هەیە، کە نوێنەرانی هەردوو حکومەت پێکبێت، لەگەڵ پێکهێنانی لیژنەی تەکنیکی تایبەتمەند بۆ هەر حەوزێکی ئاو. هەروەها پێویستە میکانیزمی دامەزراوەیی ڕوون بگیرێتەبەر بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئاو و سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکان، دڵنیابوون لە بەڕێوەبردنی کاریگەر و شەفاف.

3- هاوبەشی لە نوێنەرایەتی دەرەکی: بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی ڕووبارە سنووربڕەکان سەرچاوە ئاوییەکان لە عێراق، گرنگی یەکخستنی پێگەی دانوستانکاری دەرەکی نێوان هەولێر و بەغدا تیشک بخرێتە سەر، ئەمەش پێویستی بە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش و هەڵوێستێکی دانوستانکاری یەکگرتوو هەیە بۆ نوێنەرایەتیکردنی عێراق لە گفتوگۆی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەستەبەرکردنی بەرگریکردن لە مافە ئاوییەکانی و پێشخستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات.

لە کۆتاییدا، چارەسەرکردنی ئالنگارییەکانی بەڕێوەبردنی ئاوی عێراق تەنیا لە ڕێگەی چاکسازییە یاسایی و دامەزراوەییە بیرکراوەکانەوە، بە پشتبەستن بە ئیرادەی سیاسی ڕاستەقینەی نێوان هەولێر و بەغدایە، کە بەرژەوەندی نیشتمانی لە پێشەنگی ئەولەویەتەکان دادەنێت و بەشدارن لە دامەزراندنی ڕێبازێکی هاوبەش کە ئاسایشی ئاو بۆ هەموو پێکهاتەکانی عێراق مسۆگەر بکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشنیار و راسپاردە

- پەرەپێدانی ستراتیژییەکی نیشتمانی گشتگیر و یەکگرتوو بۆ بەڕێوەبردنی ئاسایشی ئاو لەسەرەتا سەری هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی نێوان حکومەتی فیدراڵی وهەرێم.
- وەبەرهێنان لە ژێرخان پرۆژە ئاوییەکان: پێویست دەکات پەلە بکرێت لە دروستکردنی بەنداوەکانی بڕیاری لێدراوە و تەواوکردنی ئەوانەی دەست پێکراوە، بوجەی تایبەت بۆ تەرخان بکرێت.
- بەهێزکردنی هاوکاری ناوچەیی: کارکردن بۆ دامەزراندنی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییە پابەندکەرەکان بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییە هاوبەشەکان لەگەڵ ولاتانی دراوسێ.
- پەرەپێدانی توانای تەکنیکی و مرۆیی: وەبەرهێنان لە پەروەردە و ڕاهێنان و پەرەپێدانی شارەزایی ناوخۆیی لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە کانی ئاودا.
- باشترکردنی کارایی بەکارهێنانی ئاو لەلایەن هاوڵاتیانەوە، ئەویش دەکریت لەرێگای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن بۆ کەمکردنەوەی پاشەڕۆ و باشترکردنی کارایی بەکارهێنانی ئاو لە سەرجەم کەرتەجیاوازەکان.

## دەرئەنجام

هەرێمی کوردستان بە تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان لە ڕێگەی ژێرخانی پێشکەوتوو و بەڕێوەبردنی زانستی و هاوکاری نێودەوڵەتییەوە، دەتوانێت ئاسایشی ئاوی خۆی مسۆگەر بکات و بەشدارییەکی بەرچاو لە پێداویستییە ئاوییەکانی عێراقدا بکات. ئەمەش پێویستی بە ڕێبازێکی گشتگیر هەیە: وەبەرهێنان لە بەنداو و کۆگاکان (پابەندبوون بە ستاندارده ژینگەییەکان)، پەرەپێدانی چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیی بەهێز بۆ بەڕێوەبردنی ئاو، و بەرزکردنەوەی هاوکاری ناوچەیی بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی سنوور بەزاندن. سەرکەوتن پەیوەستە بە دیدێکی ستراتیژی درێژخایەن، وەبەرهێنانی بەردەوام و هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان. ڕێبازێکی فرەلایەنە زۆر گرنگە. ئەولەویەتدان بە دروستکردن و پاراستنی بەنداو، پەرەپێدانی چوارچێوەی یاسایی ڕوون بۆ پێناسەکردنی مافەکانی ئاو و پێشخستنی شەفافیەت، و چالاکانە بەشداریکردن لە هاوکاریی ناوچەیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ هاوبەشکردنی زانیاری و هاوکاری دارایی. هەڵمەتەکانی هۆشیاری گشتی زۆر گرنگن بۆ پێشخستنی پاراستنی ئاو و بەشداریکردنی کۆمەڵگا. جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکانی وەک ئاودێری زیرەک و پاککردنەوەی ئاوی پیس دەتوانێت کارایی بەکارهێنانی ئاو زیاتر باشتر بکات. ئەم چارەسەرە یەکگرتووانە دەبێتە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت دەستڕاگەیشتن بە ئاوی بەردەوام و دادپەروەرانە بۆ هەموو عێراقییەکان مسۆگەر بکات، ئەمەش پەرەپێدانی گەشەسەندنی ئابووری، خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، و سەقامگیری ناوچەکە.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان

احمد، عدنان (2022) پرسی ئاو؛ کلیل لە بەغدا و کێشە لە هەرێم،*گۆڤاری ئایندە ناسی*، ژمارە 11، ساڵی دووەم.

أمین، دڵپاک أحمد حمه ، امجد ملکی(2024) قەیرانی ئاو کاریگەرییەکانی( ناوچەی گەرمیان بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.

بابان، محمود(2022) ئابوورییەکی بەکاربەر؛ نیشاندەرە سەرەتاییەکانی داهاتووی ئابووری هەرێمی کوردستان، سەنتەر ڕووداو بۆ لێکۆلینەوە.

سەرحەت، عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت (2022) دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان، *ئایندە ناسی*، ژمارە11، ساڵی دووەم.

غەفور، د. عەبدوڵلا (2008) جوگرافیای کوردستان، دەزگای توێژینەوە و بڵاوگردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دهۆک.

محمودی، دیاکۆ(2023) قەیرانی کەمی ئاو لە هەرێمی کوردستان؛ ئاڵنگاری، هۆکار و چارەسەرەکان، سەنتەری ڕووداو بۆ لێکۆلینەوە، هەولێر.

نقشبەندی، پ.د. ئازاد محمد ئەمین کاکە شێخ (2018) ڕۆلی ڕووبارەکانی کوردستان لە دابینکرنی ئاسایشی ئاوی بۆ کوردستان و عێراق، شرۆڤە، سەنتەرەی دراسات و توێژینەوەی و ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان، هەولێر.

نقشبەندی، پ.د. ئازاد محمد ئەمین کاکە شێخ (2020) پێگەی ئاوی هەرێمی کوردستان لەرۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست ئەو بەرەنگاری و هەرەشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، گۆڤاری شرۆڤە، سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی ئەکادیمای پارتی، کوردستان، هەولێر، ژمارە30.
نقشبەندی، پ.د. ئازاد محمد ئەمین کاکە شێخ، پ.ی.د.خلیل ئیسماعیل محمد...هتد (1999) جوگرافیایی هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی، چاپی دووەم، هەولێر.

## پێگەی ئەلکترۆنی

بایز، شنیار(2022) سیستمی ئاوی هەرێم لە مەترسیدایە؛ دروستکردنی بەنداو لە تورکیا و ئێران هۆکارێکن . بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:-
https://jinhaagency.com/so/zhyngh/systmy-yawy-hrm-l-mtrsyday-drwstkrdny-bndaw-l-twrkya-w-yran-hkarkn-32352 لەرێکەوتی ١-٩-٢٠٢٤.
حکومەتی هەرێمی کوردستان(2024) وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان. بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:-
https://krso.gov.krd/ku/statistics/%D8%AF%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%B4%D8%AA%D9%88%D8%A7%D9%86 لەڕیکەوتی 30-11-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
دیبلۆماتیک(2021) لە ڕۆژی جیهانی ئاودا...هەرێمی کوردستان رووبەرووی قەیرانی ئاڵتونە شینەکە دەبێتەوە. ئەم بابەتە بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:-
https://diplomaticmagazine.net/detail/3756 لەرێکەوتی ١٦-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
رزگار، محمد (2021) ڕووباری دیجلە و لقەکانی.ئەم بابەتە بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:
https://zaniary.com/blog/602fd025c15fb لەرێکەوتی 27-10-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
رزگار، محمد (2021) ئاوی ژێر زەوی هەرێمی کوردستان. ئەم بابەتە بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:- https://zaniary.com/blog/602fcbdb97159 لەرێکەوتی ٣١-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
رشید، هیوا (2022) مەترسیەکانی خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاویەکان. بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:-https://dengnet.net/details.aspx?kodtech=21101 لەرێکەوتی ٢١-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووداو دیجیتاڵ(2021) سامانی ساڵانەی ئاوی ژێر زەوی لە هەرێمی کوردستان 4 ملیار مەتر سێجایە. ئەم بابەتە بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:-
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2204202119 لەرێکەوتی ٣١-٨-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
زەڵمی، عەلی(2021) قەیرانی ئاو. بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:-
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/22042021 لەرێکەوتی ١٥-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، (2023) بەنداوی بەستۆرە؛ سوودی فرەجۆر و دابینکردنی ئاسایشی زیاتری ئاو. بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:-https://short-link.me/-IUi لەرێکەوتی ٢٤-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
قادر، پەرویز ڕەحیم (2023) ١٠ هەڕەشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٤. بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:-https://haremnews.com/detailsWtar/7018 لەرێکەوتی ٤-٩-٢٠٢٣ سەیرم کردووە.
کوردستان تایمز(2023) پرۆژەی کوردستانێکی سەوز: ڕاپۆرتێک لەبارەی قەیرانی ئاو وهەوا و ژینگە. بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:-
https://kurdistantimes.org/2023/07/20/article105/لەرێکەوتی ٤-٩-٢٠٢٣ سەیرم کردووە.
کورردستان تیڤی yotube chanal(2023)سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی بەنداوی بەستۆرە لە سنووری پارێزگای هەولێر دادەنێت. بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:-
https://youtu.be/ydbdQahlgq4 لەرێکەوتی ٢٤-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
گوڵان میدیا، حکوومەتی عێراق هیچ پارەیەک بۆ پرۆژەکانی ئاو لە کوردستان تەرخان ناکات، ٢٠١٨. بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:- https://shorturl.at/tL1vV لەرێکەوتی ٢٣-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
گەڵاڵی، د. ئەیوب سابیر(2020) قەیرانی ئاو .. شەڕێك لە بەردەرگەمان. ئەم بابەتە بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:- https://www.rudaw.net/sorani/opinion/31052020 لەرێکەوتی ٣-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

محمد، ئاکۆ(2013) روبارە چۆرپڕاوەکانی کوردستان. ئەم بابەتە بەردەستە لەم لینکەی خوارەوە:- https://kurdistanrivers.blogspot.com/p/blog-page_4952.html لەرێکەوتی ٧-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

محەمەد، سەرهەد تاریق (2024) مەترسییەکانی پێگەی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا. ئەم بابەتە بەردەستە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە:- https://knwe.org/KU/Details/17141 لەرێکەوتی ٣-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

ملا حسن، شادومان (2020) ئاو.. کێشە گەورەکەی داهاتووی هەرێمی کوردستان، https://politicmedia.net/detailnewspo.aspx?jimare=9838&cor=2 لەرێکەوتی ٢٣-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.

## سەرچاوە عەرەبیەکان

السلامة، ا.د. ياسر علي ابراهيم و ايات علي محمد(2023) السياسة المائية الايرانية و انعكاساتها على الامن المائي العراقي، *مجلة الدراسة المستدامة*، السنة الخامسة، المجلد 5.

الياسري، ا.م. د. حميد ياسر(2012) مستقبل المياه العراقية في ظل المعطيات الجغرافية الاقلمية، المؤتمر العلمي الخامس لكلية التربية العلوم الانسانية، جامعة واسط،13-14 نيسان.

عبدالرحمن، ا.م.د. ميسرة عدنان، التحليل الساينوبتيكي لموجة البرد وتساقط الثلوج على العراق في شهر شباط2020، *مجلة الاداب*، المجلد1، العدد139.

نقشبندي، ازاد محمد امين كاكة شيخ (2022)التخطيط لادارة الموارد المائية في اقليم كوردستان العراق، *مجلة جامعة دهوك*، المجلد 25، العدد1.

مولتر، أليشا و رامي سرياني(2021) خارطة طريق:حوار المياه رؤية مستدامة لإدارة موارد المياه في العراق، منظمة البرلمان وبدعم وزارة الخارجية الألمانية الاتحادية.

فارس بيك، اياد علي و نادية عبدالحسن محبيس(2018)التحليل المكاني لخصائص الجريان السطحي في حوض نهر الخابور، مجلة كلية التربية الاساسية، المؤتمر العلمي التخصصي الرابع والعشرين لكلية التربية.

السيد، إيمان أحمد(2022) الجبال في الحياة الاقتصادية للعراقيين القدماء، *مجلة كلية الاداب*، جامعة حلون، مصر، المجلد 54، العدد1.

خنسى، د. بيوار(2006) الاثار في خنس و اهمتها، منشورات ئاراس، الطبعة الاولى، اربيل.

محمد، د. خليل اسماعيل(2011)كردستان العراق دراسات في الجغرافية السياسية، مطبعة جامعة صلاح الدين-اربيل.

السعدي، د.عباس فاضل(1976)منطقة الزاب الصغير في العراق، مطبعة اسعد، بغداد، الطبعة الاولى.

السامرائي، د. قصي عبدالمجيد و م. جوان سمين احمد،(2008)آثر الارتفاع في كمية الامطار الساقطة على شمال العراق، مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية و الاجتماعية، المجلد2008، العدد71.

غريب، د.حكيم(2020) الصراع على المياه في الشرق الأوسط: الأبعاد الجيوسياسية، *مجلة الباحث في العلوم الانسانية و الاجتماعية*، جامعة قاصدي مرباح و رقلة، المجلد 12، العدد3 .

رندا طلال حسن،(2021) انعكاس أزمة المياه في الشرق الأوسط على الاستقرار السياسي والاقتصادي "دراسة حالة العراق" اطروحة دكتوٴرا في كلية العلوم السياسية، جامعة النهرين، 2021.

توفيق، شيماء عبدالجليل جميل (2012)اثر المناخ في تغير مناسب مياه حوض نهر الخازر، رسالة الماجستير في كلية الاداب، جامعة بغداد.
عمر سعيد عمر ومحمود على حسن (2024)، تحديد المعادن الثقيلة في العينات المائية من نهر الخابور-العراق باستخدام مطيافية الانبعاث البصري بالبلازما المقترنة بالحث(ICP-OES) (بعض المعلمات الأخرى: كحالة بيئية، *مجله العلوم الاساسية*، العدد13، مجلد8.
گەنجۆ خسرۆ محمد و سفين جلال فتح الله،(2022) التغيرات المناخية وأثرها على الامن المائي في اقليم كوردستان العراق (تحليل جيوبولتيكي)، المؤتمر الدولي التغييات المناخية و مخاطرها البيئية من منظور جغراف، جامعة كوية.
صالح، م. د. شيماء تركان(2023) الأمن المائي العراقي: بحث في الحقوق وإمكانيات الحلول، *مجلة قضايا سياسية*، كلية العلوم السياسية - جامعة النهرين، العدد74.
النداوي، ماهر ثامر سعيد(بدون السنة) الخصائص الكيميائية ألنهار محافظة ديالي، *مجلة جامعة العراقية*، العدد59، مجلد3.
مركز بحوث جيل الجديد(بدون السنة) الامن المائي في اقليم كوردستان.
خدام، منذر (2001) الأمن المائي العربي: الواقع والتحديات، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

## مواقع الالكترونية

محمد، إسراء صبري و إيمان محمد طلعت و اخرون(2022)، الصراع المصري الأثيوبي علي المياه وأثره علي الأمن القومي المصري (2011-2022)، المركز الديموقراطي العربي، 2022 ، متوفر علي موقع التالي:- https://democraticac.de/?p=83698 لەرێکەوتی ٢-٦-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
الأمم المتحدة(2023) أزمة المناخ: الجفاف يحل مكان الماء في أهوار العراق. متوفر علي موقع التالي:- https://news.un.org/ar/story/2023/08/1122767 لەرێکەوتی ٢٣-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
تقرير الامم المتحدة(2013)، متوفر علي موقع التالي:- https://shorturl.at/2d4Cc لەرێکەوتی ١٠-٥-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
جهاز المركزى للاحصاء، أطوال الانهار الواقعة ضمن أراضي جمهورية العراق، بدون السنه. متوفر على موقع التالى:- https://cosit.gov.iq/AAS13/Physical%20Features%201/phys-feat4.htm لەرێکەوتی ٧-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
دعيبس، د. فادية (2005) الأمن المائي مهمة من؟، متوفر علي موقع التالي: https://shorturl.at/Ju6xY لە رێکەوتی ٢-٦-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
الغيلاني، عبد الله بن سالم بن مسلم(2017) فكار وآراء الأمـن المـائي وسـبـل تحقيقه، موقع عمان، متوفر علي موقع التالي: https://shorturl.at/mri9S لە رێکەوتی ١٧-٥-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
الجنابي، مناف(2019) لعراق بلا أنهار عام 2040.. هذه قصة أزمة المياه. متوفر على موقع التالى:- https://shorturl.at/iKWS9 لەرێکەوتی ١٦-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
منظمة الأمم المتحدة، تقرير الإسكوا (٢٠١٩)، متوفر علي موقع التالي:- https://shorturl.at/jyZ3d لەرێکەوتی ٨-٥-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
يونسيف،(2021) الجفاف الداهم: ندرة الماء تهدد الحياة والتنمية في العراق. متوفر على موقع التالى:- https://shorturl.at/Qq0Qq لەرێکەوتی ١٦-٩-٢٠٢٤ سەیرم کردووە.
سالم، زيد (2022)، إقليم كردستان العراق: 4 سدود جديدة بدون علم بغداد، متوفر على موقع التالى: https://shorturl.at/G1BTD لەرێکەوتی 7-6-٢٠٢5 سەیرم کردووە.
Meo (2024) ، سياسة إيران المائية تعمق أزمة المياه في كردستان، متوفر على موقع التالى: - https://shorturl.at/6ziH3 لەرێکەوتی 7-6-٢٠٢5 سەیرم کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

Greya, David, and Claudia W. Sadoffba (2007), Sink or Swim? Water Security for Growth and Development. Corresponding author: The World Bank, New Delhi, India.
El-din, Nermeen Nour (2020), Towards an Analysis of the Nature of Water Security from an Economic Perspective, Egyptian Knowledge Bank (EKB), 2020.
Arif, Lara (2023). Amid the Riparians: Kurdistan's position at the center of an impending water crisis in the Tigris-Euphrates River Basin, Washington Kurdish Institute.

---

# Kurdistan Region-Iraq Strategic Position in Ensuring Iraqi Water Security

**Adil Ageed Kakill**
Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Sciences, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Emai: adil.kakil@su.edu.krd

**Prof. Chwas Hassan Rasul**
Kurdistan Parliament, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Chwas2002@gmail.com

## Abstract

This study examines the strategic importance of the Iraqi Kurdistan Region for Iraqi water security, given the growing environmental and political challenges related to water. It reviews the Kurdistan Region's water resources, identifies challenges, such as poor coordination between Baghdad and Erbil, that limit their ability to support the Iraqi water system, and proposes solutions. Based on a literature review and analysis of available water resources in the Iraqi Kurdistan Region, this study assesses the region's hydrological potential and proposes cooperation mechanisms for stakeholders. It concludes that enhancing the KRG's participation in Iraqi water security requires integrated institutional coordination, economic infrastructure development, and a fair and sustainable water policy.

***Keywords:*** *Kurdistan Region, Water Security, Iraq, Water Resources, Dams, Water Management, Water Policy*

# الموقع الاستراتيجي لإقليم كردستان العراق في ضمان الأمن المائي العراقي

**ملخص:**
تتناول هذه الدراسة الأهمية الاستراتيجية لإقليم كردستان العراق للأمن المائي العراقي، في ظل التحديات البيئية والسياسية المتزايدة المتعلقة بالمياه. وتستعرض موارد الإقليم المائية، وتحدد التحديات، مثل ضعف التنسيق بين بغداد وأربيل، التي تحد من قدرتهما على دعم النظام المائي العراقي، وتقترح حلولاً لها. واستناداً إلى مراجعة الأدبيات وتحليل الموارد المائية المتاحة في إقليم كردستان العراق، تُقيّم الدراسة الإمكانات الهيدرولوجية لإقليم كردستان العراق، وتقترح آليات تعاون للجهات المعنية. وتخلص إلى أن تعزيز مشاركة حكومة إقليم كردستان في الأمن المائي العراقي يتطلب تنسيقاً مؤسسياً متكاملاً، وتطويراً للبنية التحتية الاقتصادية، وسياسة مائية عادلة ومستدامة.

**الكلمات المفتاحية:** إقليم كردستان، الأمن المائي، العراق، الموارد المائية، السدود، إدارة المياه، السياسة المائية